للإعلام والثقافة والفنون
Media Culture & Arts

به چاودێری وپاڵپشتی ڕێزدار سەرۆك مه سعوود بارزانی

پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر بۆ کتێب

معرض أربيل الدولي للكتاب 17

9-19 ی نیسانی 2025
هەولێر - پارک سامی عەبدولڕەحمان

جیهان بەکوردی دەدوێت

پاشکۆیەکی ڕۆژانەیە دەزگای ڕاگەیاندن وڕۆشنبیری وهونەری المدى دەری دەکات | ژمارە (6) ساڵی بیست ودووەمین- دوو شەممە (14)نیسان 2025 | http://www.almadapaper.net Email: info@almadapaper.net

# ژووری دەستەی ئینسکلۆپیدیای پ.د.ک لە پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر بۆ کتێب

■ نووسینی: ڕەنجبەر شەوکەت پیرانی*



وەک پێویستییەکی لەمێژینەی کارکردن و لەپێناو پەرەدانی زێدەتر بە مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان و مێژووی هاوچەرخی کورد لە باشوور و هەرچوار پارچەی کوردستان کە پارتی و سەرکردەکانی لە زۆربەی قۆناغەکانیدا تێیدا کارەکتەری سەرەکی بوونیە، ساڵی ٢٠١٤ لەسەر ئەرک و پێشنیاری بەڕێز مەسرور بارزانی و بە کۆششی ژمارەیەک کادیری شارەزا و پسپۆڕی پارتی دیموکراتی کوردستان، (دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان) بەمەبەستی کۆکردنەوە و بە دیکۆمێنتکردنی ئەم مێژووە پڕلە سەروەرییە دامەزرا.

لە قۆناغی یەکەمی کارەکانی دەستە کە تا ساڵی ٢٠٢١ی خایەند، توانرا ئەرشیفێکی گەورە لە: پەرتووکی هەمەجۆر بە زمانی جیاواز، بەڵگەنامە، گۆڤار و ڕۆژنامەی کۆن و نوێ، دەستنووس و وێنەی مێژووی تایبەت بە قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان کۆبکرێنەوە و لە بارەکای دەستەی ئینسکلۆپیدیا لە شارۆچکەی پیرمام، بەشێوەیەکی سەردەمیانە پۆلین بکرێن و بپارێزرێن.

لە قۆناغی دووەمی کارەکانی دەستە کە لە ساڵی ٢٠٢١ەوە دەست پێدەکات، هەر لەسەر پێشنیاری بەڕێز مەسرور بارزانی، پەرە بە کارەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیا درا و ئەرکەکانی فراوانترکران، بەشێوەیەک، تەواوی مێژووی کوردستان بە ڕەهەندە جیاوازە زمانی و کلتوورییەکانییەوە بگرێتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش، بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە پسپۆڕ، شارەزا، مامۆستایانی زانکۆ و توێژەرە دیارەکان، دەست بە قۆناغی دووەمی کارەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان کرا. لەم قۆناغەدا کە بە قۆناغی باروری دەستە دادەنرێت، لە پرۆسەیەکی بەردەوامدا، زێدەتر لە سەد پەرتووک کە بابەتە جیاوازەکانی مێژووی کۆن و نوێی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان، جوگرافیای کوردستان، کلتور و زمانی کوردی، پێکەوەژیانی ئۆلی و نەتەوەیی و چەندین بابەتی دیکە دەگرێتەوە، لەشێوەی توێژینەوە، پەرتووکی وەرگێڕدراو، بیرەوەری و مێژووی زارەکی لەچاپدران و بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی، پێشکەشی پەرتووکخانەی کوردی کران. ئەم بەرهەمانە بەبێ بەرامبەر دەخرێنە بەر دەستی خوێنەر و توێژەران و پێشکەشی پەرتووکخانە و ناوەندە کلتوری و ڕۆشنبیرییەکان دەکرێن.

هەر لەم قۆناغەدا و ساڵی ٢٠٢٢، ماڵپەڕی (partipedia.org) بە سێ زمانی کوردی (سۆرانی و کرمانجی لاتینی)، عەرەبی و ئینگلیزی دامەزرێنرا. لەم ماڵپەڕەدا، تەواوی بەرهەمە چاپکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیا بەشێوەی (pdf) و پەرتووکی دەنگی بەبێ بەرامبەر خراونەتە بەر دەستی توێژەر و خوێنەران و هەزاران وتاری مێژووی کە تایبەتن بە مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان و بابەتەکانی: سەرکردەکان، وێستگە گرینگەکانی مێژووی پارتی، هەڤاڵانی بارزانی، شەهیدان، شەڕ و داستانەکان، خاوەن مەدالیای بارزانی، کۆمەڵکوژی و جینۆساید و بابەتی هەمەجۆر دەگرێتەوە، بە هەرسێ زمان لە ماڵپەڕەکەدا دانراون و ڕۆژانە وتارەکان لە زیادبووندان. مێژووی شۆڕشەکانی بارزان بەشێوەی زنجیرەی ڤیدیۆی دیکۆمێنتاری مێژووی بە زمانی کوردی و ژێرنووسی عەرەبی و ئینگلیزی و چەندین دیمانە و پارچە ڤیدیۆی تایبەت بە جینۆساید، شۆڕشەکانی ئەیلوول، گوڵان و ڕاپەڕین، لەم ماڵپەڕەدا خراونەتە بەر دیدی سەردانیکەرانی ماڵپەڕەکە و ژمارەیەکی زۆری بەڵگەنامەی بەڵاوکراوە و بەڵاونەکراوە بە چەندین زمانی جیاواز و وێنەی تایبەت بە سەرکردە، شۆڕشگێڕ و شۆڕشەکانی کورد لەم ماڵپەڕەدا بڵاوکراونەتەوە.

دەستەی ئینسکلۆپیدیا ئەمڕۆ خاوەن پەڕتوکخانە و ئەرشیفخانەیەکی دەوڵەمەند و گەورەیە و بووەتە ناوەندێکی باشی سەردانیکردنی خوێنەر و توێژەرانی کورد لە تەواوی ناوچە جیاوازەکانی کوردستان و بووەتە سەرچاوە و بنکەیەک بۆ توێژەران و قوتابیانی ماستەر و دکتۆرا و بێبەرامبەر دەستی هاوکاریان پێشکەش دەکات.

دەستەی ئینسکلۆپیدیا هەوڵیداوە بەڕێگەی بەشداریکردن لە چالاکییە حزبی و نیشتیمانییەکان، بەستنی کۆڕ و کۆنفرانسی سەربەخۆ و هاوبەش لەگەڵ ناوەندە ڕۆشنبیری و زانستییەکان خزمەتێکی زیاتری خوێنەر و ڕۆشنبیرانی کوردستانی بکات و شوێن پەنجەی خۆی لەوەی هەیە موکومتربکات.

لە ئێستاشەوە دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، بە هەوڵ و کۆششی ستافەکەی و یارمەتی نووسەر، وەرگێڕ، پسپۆڕ و ڕۆشنبیرە کوردستانییەکان و لەژێر ڕۆشنای شیرەت و فەرمایشتەکانی جەنابی سەرۆک بارزانی، بە پلانێکی تۆکمەترەوە لەپێناو بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی ڕۆشنبیرتر و ئاوەدانی کوردستانی و گەیشتن بە ئامانجەکانی، بەرەو ئایندە هەنگاو دەنێت.

ئەندامی دەستە و بۆردی ڕاوێژکاری دەستە

## هونەرناسنامە بەرز دەنرخێنیت و دەیپارێزێت..

# گفتوگۆیەکی دوور و درێژ لە هۆڵی سیمینارەکان

■ هەولێر / زەین یوسف




پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر بۆ کتێب بەردەوامە لە سازکردنی چالاکی جیاواز و بەستنی کۆڕ و سیمیناری جۆراوجۆر. ئەمجارە سیمینارێک بەناونیشانی «ڕۆڵی هونەر لە دەوڵەمەندکردنی ناسنامەی نەتەوەیی» بەڕێوەچوو. لە سیمینارەکەدا هونەرمەندی میسری نازلی مەدکوور بەشداربوو،ناوبراو لەلایەن ماریان دەحدوحەوە چاوپێکەوتنی لەگەڵدا ئەنجامدراوە.

مەدکۆر باسی لە ڕۆڵی هونەر کرد لە دەوڵەمەندکردنی شوناسی کولتووری و وتی: هونەر ڕۆڵی هەیە لە دەوڵەمەندکردنی شوناسی نەتەوەیی، چونکە یەکەم: شوناس دەپارێزێت، دووەم، بەهێزی دەکات، سێیەمیش بەدی دەهێنێت، هونەر شوناس دەپارێزێت،واتە ئەوەی گەلان ئەزموونیان کردووە دەیپارێزێت، ئەو ڕابردووەش دەگوازێتەوە کە گەلێک لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە ژیاوە، وە هەستی شانازی کردن بۆ ژیان بە گەلەکان دەبەخشێت کە لەگەڵ داب و نەریتی خۆیاندا ژیاون، لە لایەکی دیکەوە هونەر پەرە بە شوناس دەدات کاتێک هونەرمەند تەکنیکە مۆدێرنەکان بەکاردەهێنێت، جوانی نوێ بۆ ئەو شتانە زیاد دەکات کە گەلان لە کاتەکانی دیکەدا تێیدا ژیاون.

ئاماژەی بەوەشکرد»بوونی مۆزەخانەکان گرنگن، چونکە کۆگایەکی فیزیکی ناسنامەی مرۆڤەکانن، ئەمەش وادەکات نەوەی نوێ بزانن مرۆڤەکان لە سەردەمەکانی پێشوودا چۆن ژیاون. بۆیە هونەر گرنگیەکی زۆری هەیە لە یارمەتیدانی گەلان کە ڕۆڵیان هەبێت لە گەشەپێدانی مرۆڤایەتی لەسەر ئاستی جیهاندا. کاتێک ناسنامە لەڕێگەی هونەرەوە پەرەی پێدەدرێت، گەلان دەتوانن بچنە ناوهزری باوی مرۆڤایەتی بەگشتی.

مادکۆر ڕوونیشیکردووەتەوە، «هونەر دەتوانێت پەرە بە کولتوور بدات و نەک تەنها بیپارێزێت،چونکە هونەرمەند دەگەڕێتەوە بۆ بنەچەی خۆی و مێژووی کۆن و هەوڵی بەدیارخستنی هەندێک لەو شتانە دەدات کە زەمەن شاردویەتییەوە. هونەرمەند بە بەکارهێنانی ئامرازە نوێیەکان کە پێشتر بەکارنەهێنراون، وەک سینەما و نمایشی درامی بە شێوەیەکی مۆدێرن و هەندێک تەکنیک و ئامڕاز، چ لە هونەرە بینراوەکاندا یان تەنانەت لە مۆسیقادا. ئەمەش جۆرێک لە دەرخستن بەدەستدەهێنێت بۆ شێوەی شوناسی کۆن... هەروەها هونەرمەند بە شوناسی ناخ و عەقڵی بەکۆمەڵیش بەدیار دەخات، هەروەها باسی لە هونەر کرد وەک ئەرشیف و چۆن هونەر بە هەموو فۆرمەکانییەوە ئێستا بە ڕابردوو و پاشان بە داهاتووەوە دەبەستێتەوە و وتی، «ئەرشیف بۆ خودی شوناس زۆر گرنگە و هونەریش لە ڕێگەی گەڕان بەدوای ڕابردوو و بەکارهێنانی ڕابردوو بۆ دەرخستنی هەندێک لەو چەشنە کۆنەپەرستیانەی کە بە هەندێک گەلەوە گرێدراون، بەدواداچوون بۆ گێڕانەوەی ڕاستەقینە دەکات، هونەریش هەندێکجار هەمووارکردنەوەیەک پێشکەش بە بایۆگرافیای (سی ڤی) هەندێک لە گەلان دەکات، سیڤیەک کە بە هۆی کۆلۆنیالیزمەوە سڕاوەتەوە، بەم چەشنە هونەر یارمەتیدەرە بۆ ئاشکراکردنی گێڕانەوەی ڕاستەقینە و هێنانە بەرچاویان و لەگەڵ ئەوانیشدا ڕووبەڕووی چەشنە چەقبەستووەکان دەبێتەوە».



دەشڵێت: هونەرمەند دەبێت بە دوای ناسنامەکەیدا بگەڕێت، وشەی (ناسنامە) ش وشەیەکی زۆر لاستیکییە و بە تەنهاهیچ مانایەکی نییە، هونەر بەدەست نیشانکراوی داب و نەریت و مەزاج و دەنگ و بۆن و ڕەنگەکانە، هەموو شتێکی تێدایە واتا و ئاماژەی خۆی هەیە، هەر هونەرمەندێکیش مەزاج و مەزاجێکی تایبەتی خۆی هەیە. هونەرمەند دەبێت لە بەدوای بنەچەی خۆی لە ڕابردوودا بگەڕێت بۆ ئەوەی بە تەواوی نەتوێتەوە لە حاڵەتێکی جەلاتینیدا بۆ ئەم ناسنامەیە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەدەی بیستەم، هونەرمەندی وەک هونەرمەند «بەیا» لە جەزائیرەوە دەدۆزینەوە، کە ڕووی لە هونەری ئەمازیغی کردووە و چەند هێما و شێوەیەکی لێ وەرگرتووە، لە مەغریبیشدا هونەرمەند «شوعەیبیە» هەیە کە بەرەو شێوە میللیەکاندا چووە، لە عێراقدا هونەرمەند «مەدیها عومەر» و «شاکر حەسەن ئەلسەعید»یش دەدۆزینەوە کە بەرەو نووسینی عەرەبی چوون و جوانییەکانیان دەرخست و قوتابخانەی خۆشنووسی عەرەبیان دامەزراند.



## نێوان کاغەز و دیجیتاڵ:

# لە پەراوێزی پێشانگای نێودەوڵەتیی کتێب لە هەولێر





■ د. ئیبراهیم ئەحمەد سمو

لە سەردەمی گۆڕانکارییە تەکنەلۆژییە خێراکان و دووبارە داڕشتنەوەی یادەوەری مرۆڤ بە شێوەیەکی بێ وێنە،
هێشتا مشتومڕ بەردەوامە نێوان پشتیوانانی کتێبی چاپی و خۆشەویستانی وەشانە دیجیتاڵیەکان، بە تایبەت لە جالاکیە رۆشەنبیریەکان کە ئاهەنگ بە وشەی چاپکراو دەگێڕن، وەک پێشانگای نێودەوڵەتیی کتێبی هەولێر. لەوەدا ئەم پرسیارە بە توندی دەخرێتە روو: کامیان پارێزراوترە بۆ مێژوو، ناسنامە و کولتوور؟
کتێبی کاغەز، بەرای زۆر کەس، پاسەوانی سەرەکی یادەوەری مرۆییە. کە کاریگەری گۆڕانکاری تەکنەلۆژیای لەسەر نییە، هەروەها بە کلیککردنی دوگمەیەک یان وەستانی پلاتفۆرمی ئەلیکترۆنیش ناسڕدرێتەوە. کاغەز هەڵدەگیرێت و دەگوازرێتەوە و دەبەخشرێت و تەنانەت دوای دەیان ساڵ و تەنانەت سەدەش دوبارە دەدۆزرێتەوە. بەڵام دەقی دیجیتاڵی، سەرەڕای ئاسانیی دەستڕاگەیشتن و بڵاوبوونەوەی بەرفراوان، تەمەنی پەیوەستە بە تەمەنی ئینتەرنێت و ئەو تەکنەلۆژیایەی کە پشتگیری دەکات. هەر گۆرانکاریەک لە ئەلگۆریتمێک، یان کوژانەوەی پلاتفۆرمێک، بەسە بۆ سڕینەوە هەموو ئەو شتانەی کە لە نمایشدا بوون وەک ئەوەی هەرگیز بوونی نەبووبێت.
ئەم ترسە لە «ناسکی دیجیتاڵی» نە فانتازیایە و نە زیادەڕەوی. وە ئەوەی کە ئێمە پێمان وایە ئەمڕۆ جێگیرە، دەتوانرێت لە چرکەیەکدا لەبیر بکرێت، هەروەک چۆن کەس پێشبینی سەرهەڵدانی خێرای ئینتەرنێت یان زیرەکی دەستکردی نەدەکرد دەیان ساڵ لەمەوبەر. کێ بیری لەوە دەکردەوە مرۆڤ لەگەڵ ئامێرێک قسە بکات کە لێی تێبگات و یارمەتی بدات لە نووسین و تێگەیشتن و بیرکردنەوە؟ بەڵام هەروەک چۆن داهاتوو شتە خەیاڵنەکراوەکان فەرهام دەکات، ڕەنگە داهاتوو خۆی هەموو شتێک لەگەڵ خۆیدا ببات. چی دەبوو ئەگەر جەنگی بۆشایی ئاسمان هەڵگیرسا، یان مانگە دەستکردەکان بتەقێنرێنەوە، یان ئینتەرنێت بە هۆکاری سیاسی و سروشتی و تەنانەت ئەمنیش ببڕدرێت؟
هەر کەسێک باوەر بەم گریمانەییانە نەکات، تەنها دەتوانێت دیمەنەکانی فیلمە زانستییە خەیاڵییەکان بەبیربهێنێتەوە، یان تەنانەت ڕووداوە ڕاستەقینەکانی ژیانی بەبیربهێنێتەوە کە هەموومان ئەزموونمان کردووە، وەک ئەو قۆناغەی کە داعش ناوچە بەرفراوانەکانی عێراق و سوریای کۆنترۆڵکردبوو. ئەم گروپانە هەموو پەیوەندییەکیان لەگەڵ دونیای دەرەوەدا پچڕاند، تا ئەو رادەی کتێب بسوتێنن و کولتوور بە دوژمن دەزانن. ئەمانە دیمەنی خەیاڵی نەبوون، بەڵکو واقیعێکی تاڵ بوون کە ئێمە تێیدا ژیاوین و دوور نییە ئەم سیناریۆیانە - بە شێوەی جیاواز - لە هەر شوێنێک و لە هەر کاتێکدا دووبارە ببنەوە.
ئەمە جەوهەری ئەو گفتوگۆیەبوو لە نێوان کەسانی پەیوەست بە پیشەسازی کتێب هاتە پێشم لە پێشانگای نێودەوڵەتیی کتێبی هەولێر، ئەوانەی هێشتا باوەڕیان بە کاغەز هەیە، سەرەڕای سەرسوڕمانی هەندێک لەم بۆچوونە، کە ڕەنگە پێچەوانەی ڕەوتی گشتی بەرەو دیجیتاڵکردن دەربکەوێت. واقیعەکە بە ڕوونی ئاماژە بەوە دەکات کە زۆرینەی خەڵکی ئەمڕۆ بە شێوەیەکی دیجیتاڵی مامەڵە دەکەن لە بوارە جیاوازەکاندا: لە کارگێڕی و پەروەردەوە تا تەندروستی، بازرگانی و هونەر. تەنانەت خوێندنەوەش ئێستا، لە گیرفانی خۆتدا بەردەستە، لە ڕێگەی مۆبایل، تابلێت یان کۆمپیوتەرەوە.
بەڵام هۆشدارییەکە لە هەڵوێستێکی دوژمنکارانە بەرامبەر بە تەکنەلۆژیا سەرچاوە ناگرێت. بە پێچەوانەوە ئێمە لە گەورەترین سودمەندانین و ڕۆژانە لە لایەنە جیاوازەکانی ژیانماندا بەکاری دەهێنین. ترسی ڕاستەقینە لەدەستدانی یادەوەری بەکۆمەڵە ئەگەر هۆیەکانی دیجیتاڵی بە هەر هۆکارێک بڕووخێت. ئەگەر تەنها پشت بە پاراستنی میراتەکانمان لە فایلەکانی PDF یان لینکی ئەلیکترۆنی ناجێگیردا ببەستین، ئەمە وەک ئەوە وایە مێژوومان لەسەر لاپەڕەیەکی ئاو بنووسین.
چارەسەر ڕەتکردنەوەی دیجیتاڵ نییە، نە شکۆمەندکردنی کاغەز بە تەنیا. بەڵکو هاوسەنگییە لە نێوان ئەو دووانەدا. هەرگیز نابێت کتێبی کاغەزی پەراوێز بخرێت یان وەک میراتێکی ڕابردوو سەیر بکرێت کە پەیوەندی بە سەردەمی ئێمەوە نییە. بەڵکو دەبێت وەک بەڵگەنامەیەکی ڕەسەن و وەک گەرەنتییەکی ماددی بۆ زانیاری و ناسنامەکانمان نۆژەن بکرێتەوە. بەڵکو دەبێت بەردەوام بین لە وەبەرهێنان لە دیجیتاڵکردن و زیرەکی دەستکرد، بەڵام بە هەموو ڕێوشوێنێکی خۆپارێزی کە دەتوانرێت: پاراستنی ئەرشیفەکان بە فۆرمی جیاواز، چاپکردنی دەقی دیجیتاڵی بەنرخ و هەڵگرتنی کۆپیەکانیان لە شوێنی جیا جیا دا.
ئەوەی پێویستمانە پرۆژەیەکی نیشتیمانی یان نەتەوەیی یە بۆ پاراستنی میراتی کوردی و عێراقی، بە هەموو زمان و فرەچەشنییەکەی، چ لە شێوەی چاپکراو و چ لە شێوەی دیجیتاڵیدا. چەندین دەستنووس یان کتێب نوسخە ئەسڵیەکانیان لەدەستداوە، و دەکرا دەستمان کەوتبایەوە ئەگەر بەدیلێکی دیجیتاڵی بدۆزرایەتەوە؟ وچەندین دەقی دیجیتاڵی نەماون تەنها لەبەر ئەوەی ماڵپەڕێک داخراوە یان بەشداریکردنەکەی نوێ نەکراوەتەوە؟
دەبێت وەک گەنجینەیەکی بەنرخ مامەڵە لەگەڵ زانست وزانین بکەین،
وە نابێت بە یەکێک لە هۆیەکان بدسپێرین، هەرچەندە مۆدێرن و کاریگەر بێت. وەک چۆن پارە دەخەینە بانک و کۆپییەکی کلیلەکە لە شوێنێکی سەلامەتدا دەهێڵینەوە، دەبێت یادەوەری بەکۆمەڵمان بە زیاتر لە فۆرمێک بهێڵینەوە.
نەک بە یەک میدیاوە ڕەهن بکەین، هەرچەندە مۆدێرن و کاریگەر بێت. وەک چۆن پارە دەخەینە بانک و کۆپییەکی کلیلەکە لە شوێنێکی سەلامەتدا دەهێڵینەوە، دەبێت یادەوەری بەکۆمەڵمان بە زیاتر لە فۆرمێک بپارێزین.
کاغەز و دیجیتاڵ نەیار نین، بەڵکو دوو پایەی پاراستنی عەقڵی مرۆڤن. پێشانگاکانی وەک پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر دەرفەتێکە بۆ گەڕانەوەی ئەم مشتومڕە بۆ پێشەوە، بەتایبەت لە ژێر ڕۆشنایی شەپۆلی زیرەکی دەستکرد کە بەردەوامە لە سەرسامکردن و نیگەرانی ئێمە لە هەمان کاتدا.
با کاربکەین بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵک، نەک تەنها لەڕێگەی ئاگادارکردنەوە، بەڵکو لەڕێگەی کردار و پلاندانان و دەستپێشخەریشەوە. لە نێوان ئەگەری تاریکی و تیشکی ڕووناکیدا، زانین وەک بەهێزترین چەک دەمێنێتەوە. وە ئەوەی لێی پارێزراوە - لەسەر ڕەفە یان لە هەڵگرتنی هەوری ئەلیکترۆنی- ئەو هیوایەیە کە ماوەتەوە بۆ پاراستنی خود لە کاڵبوونەوە.

## میدیای عێراقی: لە نێوان کاریگەری و کاریگەربوون...

# پانێڵێک لەسەر ئاستەنگەکانی ئێستا





لە درێژەی کار و چالاکییەکانی ١٧هەمین پێشانگەی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ کتێب، پانێڵێکی بەناونیشانی میدیای عێراقی: «کاریگەری و کاریگەربوون»، باس لە رۆڵی میدیای عێراقی کرا.
پانێڵەکە لەلایەن راگەیاندنکاری پیشەگەر نەبیل جاسم بەڕێوەبەری کەناڵی دجلە، و نووسەر و راگەیاندنکار ئەحمەد زاویتی بەڕێوەبەری گشتی کەناڵی کوردستان ٢٤ بەڕێوەچوو و رۆژنامەنووس تیما رەزا بە پرسیاری میحوەری سەبارەت بە سرووشتی میدیا لە عێراق و ئاستەنگە جۆراوجۆرەکانی پانێڵەکەی بەڕێوەبرد.
«لە وڵاتێکدا سیاسەت هەڵگری ئازارەکانی مێژووە، کە دەستێوەردانی دەرەکی کاریگەری دەبێ بەسەر خاکەکەی، نائارامییەکی بێ کۆتا پەیدادەبێ،رووداوەکان خێراتر دەبن، چیرۆکەکان کێبڕکێ دەکەن، میدیاکار خۆی لە تاقیکردنەوەی بەردەوام دەدۆزێتەوە: ئایا میدیاکار بکەرە یاخوود بەرکارە، ئاراستەکراوە یاخوود رێنمایی کراوە؟، ئایا ئەو زورناژەنی دەسەڵاتە یاخوود دەنگێکی کاریگەر؟، سنووری کاریگەرییەکەی چییە؟»
بەم وتانە تیما رەزا دەستی کرد بە پانێڵەکە, «میدیا لە عێراق.. کاریگەری و کاریگەربوون».
میدیای عێراقی پێش ئەوەی کاریگەری بێ، بەکێ کاریگەر دەبێ؟
د. نەبیل جاسم دەڵێ:
میدیای عێراقی وەک سیاسەتی عێراقی وایە، نیگەرانی گەورەی هەیە، و مێژوویەکی دوورودرێژی پاشەکشە و ئازاری هەیە.
هەروەها بە نیگەرانییەوە، گووتی: پێش ئەوەی باس لە کاریگەری و کاریگەربوون و سوودی میدیا بکەین، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ رەگ و ریشەی میدیا لە عێراق.
د. نەبیل گەڕایەوە بۆ قۆناغی پاش ٢٠٠٣ کە پێشبینییەکان ئاماژەیان بۆ گۆڕانکاری سیاسی و میدیایی ریشەیی دەکرد جیاواز لەوەی کە بینیمان، گووتی: «پێشبینی وابوو گۆڕانکاری گەورەی سیاسی و میدیایی رووبدات، بەڵام راستییەکەی بەتەواوی پێچەوانە بوو».
هەروەها گووتی: «پرۆسەی دیموکراتی تەنها سندوقی دەنگدان و گۆڕینی رووخسار لەسەر گۆڕەپانی سیاسی نییە، بەڵکو ئازادی رادەربڕین و رۆژنامەوانی بڕبڕەی پشتی دیموکراسییە، گومانی تێدا نییە دەیان ساڵە میدیا لە ژینگەیەکی تۆتالیتاریدا دەبینین».
د. نەبیل جەختی لەوە کردەوە کە میدیا هێشتا لە باوەشی دەسەڵاتە، تا ئێستاش دەسەڵات میدیای عێراقی قۆرخ کردووە، ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد «دەبوایە گرێبەستێکی سیاسس هەبوایە هەمووان لەسەری رێک بکەون، لە رێگەیەوە دەسەڵاتی سیاسی ئازادی بە میدیا بدایە بۆ ئەنجام دانی ئەرکەکانی، بەڵام راستییەکەی ئەوەی نیشان دا کە «هەمان میکانیزمی دیکتاتۆری تۆتالیتاری سەریهەڵداوە».
راگەیاندنکار ئەحمەد زاویتی باسی لە گرنگی ناونیشانی دانیشتنەکە کرد و گووتی:
لە رێگەی ئەم ناونیشانەوە کۆمەڵێک خاڵی گرنگ دەخەینە روو، میدیای کوردستانی و عێراقی بە وەرچەرخانێکی مێژوویی چارەنووسسازدا تێدەپەڕن، ئێمە بەشێکین لە میدیایە، کە تووشی فشارە سیاسی و ئەمنی و ئابوورییەکان دەبن، رۆژ دوای رۆژ زیاد دەبن، هەروەها پێشکەوتنێکی بەرچاو لە جۆرەکانی دامەزراوە میدیاییەکان و ئامرازەکانیاندا هەیە، بەڵام لە بەرامبەردا، پاشەکشێیەکی دیار لە متمانەی هاووڵاتی لەم دەزگا میدیاییانەدا هەیە».
هەروەها گووتی: ئەمرۆ هاووڵاتی لە رێگەی مۆبایلە زیرەکەکەیەوە دەتوانێ گووتاری نوێی دابمەزرێنێ و دەزگای میدیایی درووست بکات، تەنانەت دەتوانێ لە کەناڵی ئاسمانیش کاریگەرتربێ، لەگەڵ زۆربوونی ئەم جۆرە میدیایە، بۆمان دەردەکەوێ لەدەستدانی متمانە بە میدیای تەقلیدی زۆرتر بووە».
د. نەبیل گەڕاییەوە بۆ قسەکردن و میدیای عێراقی بە میدیایەکی نەرێنی ناوزەد کرد و رووداوی کوشتنی ئەندازیارێکی گەنجی وەبیرهێنایەوە پێش هەفتەیەک لە زیندانی بەهۆی ئەشکەنجەوە گیانی لەدەست دا و گووتی: «تا ئەم ساتە هیچ دەزگایەکی میدیایی ئەوەی رووی داوە بە روونی باسی نەکردووە».
ناوزەدکردنی میدیای عێراقی بە نەرێنی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە «بە پرۆفیشناڵ نییە، هەرچەندە هەموو توانایەکی راهێنانی بەرز بۆ کارمەندانی میدیایی دابین کراوە، لەگەڵ بوونی سەرمایەی گەمژە, ض ئابووري یاخوود سیاسي، روونیشی کردەوە کە «زۆرێک لە رۆژنامەنووسە پیشەگەرەکان کار لە دەزگا میدیاییەکان دەکەن، هەرچەندە قەناعەتیان بە سیاسەتی دەزگاکان نییە».
هەروەها ئاماژەی بەوەدا کە یاسا بنەڕەتییەکان هەن کە نابێت هیچ دامەزراوەیەکی میدیایی پێشێلیان بکەن، لە رووی بابەت و شەفافییەت و متمانەپێکراوی و هاوسەنگی.
لای خۆیەوەی ئەحمەد زاویتی گووتی: زۆرێک لەو کوشتنانە روو دەدەن دەگەڕێتەوە بۆ پاکتاوکردنی سیاسی یاخوود دیاردەی کۆمەڵایەتی، رووماڵی کردنیا لە میدیای عێراقی دەبێتە هاندان بۆ ئەو جۆرە رووداوانە، ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد، لە دەزگاکەیدا هەوڵ دەدەن باسی ئەم دیاردانە نەکەن تەنها لە رێگەی لایەنی پەیوەنداری فەرمییەوە نەبێ.
هەروەە زاویتی جەختی لەوەش کردەوە کە «کێشەکە لە زۆری دامەزراوە میدیاییەکاندا، کە دەبێتە هۆی درووست کردنی چوارچێوەیەکی کراوەی بێ سنوور لە عێراق، دەسەڵاتێک نییە کۆنترۆڵی بکات، بەڵکو ژمارەیەک حزب، هەر حزبێک خۆی بە دەسەڵات دەبینێ، لە ئەنجامدا کۆمەڵێک دەسەڵات پەیدادەبێ کە کۆنترۆڵی میدیای عێراقی دەکەن



## لەناو پێشانگەدا..

# ژنانی کوردوعەرەب هاوبەشبوون لە هزرسازی

■ هەولێر/ نور عەبدولقادر





لە ناوەندی بزاڤی رۆشنبیری و جڤاکیدا، ئافرەتی کورد و عەرەب وەک هاوبەشێکی کاریگەردەردەکەون لەهزرسازی و دروستکردنی سیماکانی داهاتوو.
لەناو داڵانەکانی پێشانگەی کلتوری کە ئامادەباشییەکی بەرچاوی ئافرەتانی تێدا دەبینرێت بە جیاوازی تەمەن و بۆچوون. بوونی ئافرەتیش لە پێشاگەکەدا تەنها لەژمارەدا بەرجەستە نەبووە.بەڵکو وەک بەهایەکی ڕاستە قینەی بەشداریکردنە، لە دەوڵەمەندکردنی گۆڕەپانی کەلتوری و جڤاکی بەدیدگاو ئەزموونی کاریگەر.
مامۆستایەکی زانکۆش جەخت لەم بۆچوونە دەکاتەوە. مامۆستا دلڤین لەگفتو گۆیەکدا لەگەڵ پاشکۆی (المدى) دەڵێت: ئافرەتی عێراقی کورد یان عەرەب خۆی سەلماندووە هەرلە پۆستەکانی سەرکردایەتیکردن تاوەکو دامەزراوە زانستی ئەکادیمییەکان و بوارەکانی ئەدەبی و فیکری.
هەروەها ئەو مامۆستایەی زانکۆ گوتیشی ئافرەتان وردو ڕێکخەرن لە هەموو ئەو بوارانەی پیادەی دەکەن. لەڕۆژانی ئەم پێشانگەیەشدا دەیانبینین کە بە تواناو لێهاتووییەوە ئامادەن، تەنانەت لەم پێشانگایەدا ڕەنگە ژمارەی ئافرەتان لە پیاوان زیاتر بێت ئەوەش ئەو زیدە ئاگایی وگرنگیپێدانەیە بە بواری ڕۆشنبیری ئافرەت. زیاتر دەڵیت:شانازی بە هەموو ئافرەتێکی عێراقی سەرکەوتوو دەکەم کە شوێنپەنجەی بەجێهێشتووە. هەر بۆنموونە ئەندازیاری تەلار سازی جیهانی (زوها حەدید) کە هەمووان لە ناوەوە و دەرەوەی عێراق دەیناسن.
مامۆستا دلڤین بڕوای وایە کە ئافرەتی وشیارو ڕۆشنبیرئەم کەلتورە لە پەروەدەکردنی ڕۆڵەکانی ڕەنگدەداتەوە کە ئەوەش هاوکارە لە بنیادنانی کۆمەڵگایەکی ڕاست و تەندروست.
هەروەها دەڵێت: ئافرەت نیوەی کۆمەڵەوە پەروەدەکاری نیوەکەی تریشە.
لەلای خۆشییەوە مامۆستا سۆزان بۆ پاشکۆی (المدى) پێداگیری لەوە دەکات کەئافرەتان بایەخی زیاتر بە خوێندنەوە بدەن بەتایبەتیش لە سایەی ستەمی تەکنەلۆژیاو هۆکارەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی کەبووەتە مایەی بە هەدەردانی کاتی زۆرینەمان لەسەر حسابی ڕۆشنبیری.
ئەو ڕوونیدەکاتەوە ئەو ئافرەتەی دەخوێنێتەوە بە تایبەتی دایک وشیارترو بەتواناتر دەبێت لە پەروەدەکردنی منداڵەکانی بەشێوەیەکی ڕاست و تەندروست، چونکە خوێندنەوە ئاهێکی دەروونی و عەقڵییە کە توانا و دەرکەوتن بەئافرەت دەبەخشێت.
مامۆستا سۆزان وایدەبینێت کە سەرقاڵییەکانی ژیانی ڕۆژانە ڕێگری لەخوێندنەوە بۆ بەشێک لەئافرەتان دروستدەکات، بەڵام جەخت لەسەر پێویستی تەرخانکردنی کاتێک بۆخوێندنەوە دەکاتەوە لەهەر بارودۆخێکدا، دەشڵێت: خوێندنەوە دوژمنی کاتەکانی ئافرەت نییە، بەڵکو نیعمەتێکە بۆ ڕووناککردنەوەی عەقڵ و ڕۆح. هەروەها ئامۆژگاری ئاڕاستەی ئافرەتان دەکات کە پێشەنگی خودی خۆیان بن بێ چاولێکەری. هەر بەمجۆرە کۆتایی بە قسەکانی دەهێنێت کە ئافرەتان پێویستە بخوێننەوە و یەکتریان خۆشبوێت،چونکە خۆیان پاڵپشتی خۆیانن.
هەروەها ئیمان تاهیرمامۆستای پەروەدەیی بۆ پاشکۆی (المدى) جەختی لەوە کردەوە کە ئافرەت ڕۆڵی سەرەکی لە فێرکردن و پێگەیاندن هەیە بەوەی لە زۆربەی کاتدا فێرکاری یەکەمی منداڵە چ لەناو خێزان یان لە قوتابخانە، ئەو دەڵێت:مێشکی منداڵ لە قۆناغی ساوایەتیدا زۆر لەبارە وەهەر بیرۆکەیەک یان هەڵس و کەوتێک کەلەم تەمەنەدا وەردەگرێت دواتر لە کەسایەتیدا ڕەنگدەداتەوە هەربۆیە ئافرەت ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت لە پێگەیاندنی نەوەکان.
مامۆستا ئیمان وایدەبینێت کە لە ئێستادا ئافرەت مافەکانی زۆر زیاترن بەبەراورد بە ڕابردوو،بەڵام ڕێگاکە هێشتا درێژە بۆگەیشتن بە یەکسانی تەواوەتی.
وەلەسایەی ئەم دیمەنە تەواکارییە وێنەی ئافرەتی کوردو عەرەب وەکو منارەیەکی وشیاری بەرزدەبیتەوە کە دروستکەری گۆڕانکارییەو سروش بەخشە بۆ نەوەکان،چونکە ئەوە ئافرەتە کە دەخوێنێتەوەو دەنوسێت و پەروەردەکارو فیرکارە هەر ئەویشە کە ئایندەیەکی ڕوونتر دەچنێت سەرەڕای ئاڵەنگارییەکان،وە لە نێوانی کتێب و وشەکاندا ئافرەت سەردێڕی ئەمڕۆی بابەتی نوێیە لە پێگەیشتن و توانست و پێشکەوتن..

## کاتێک نووسەر لە پشت پاڵەوانی ڕۆمانەکانی خۆی دەشارێتەوە

# د. ئەوس ئەلجبوری باسی «تۆماس مان» دەکات




■ هەولێر/ تەبارەك عەبدولمەجید

> لە ڕۆژی سێیەمینی پێشانگای نێودەوڵەتیی هەولێر بۆ کتێب، یانەی ئەلمەدا بۆ خوێندنەوە بە هاوکاری پەیمانگای گۆتەی ئەڵمانی، دیالۆگێکی لەسەر شانۆی سیمینارەکان بەناونیشانی «تۆماس مان، سەرکەوتنی مرۆڤ» ڕێکخست. دیالۆگەکە بە بۆنەی ١٥٠ ساڵەی لە دایکبوونی نووسەری گەورەی ئەڵمانی تۆماس مان بەڕێوەچوو، کە لەلایەن (د. ئەوس ئەلجبوری)ـەوە پێشکەشکرا و هاوکات خاتوو هەیفا ئەلموللا سەرپەرشتی دیالۆگەکەی کرد.

لە وتاری بەخێرهێناندا خاتوو هەیفا دەستی بە دیالۆگەکە کرد و گوتی: بە ناوی یانەی ئەلمەدا بۆ خوێندنەوە و پەیمانگای گۆتە، خۆشحاڵین بە چاوپێکەوتنتان لە پێشانگای نێودەوڵەتیی کتێبی هەولێر، لەم دیالۆگەدا کە یادی ١٥٠ ساڵەی لە دایکبوونی تۆماس مان و گرنگی ئەو میراتە فیکری و ڕەخنەیی و ئەدەبییەی کە جێی هێشتووە، دەدوێین.

دواتر هەیفا ئەلموللا میوانی دیالۆگەکەی بە ئامادەبووان ناساند و ڕوونیکردەوە د. ئەوس ئەلجبوری خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە مێژوو و هونەر و توێژەرێکی پسپۆڕە لە ڕۆڵ و بەشداریکردنی ژنان لە میراتدا، تا ئێستایش خاوەنی چوار بەرهەمی چاپکراوە و نوێترینیان بە ناوی «مەککە لە چاوی ژناندا». هەروەها ئەندامی کۆمەڵەی مێژوویی سعودیەیە و لە چەندین دامـەزراوەی ئەکادیمیدا مامۆستا بووە.

د. ئەوس ئەلجبوری لە دیالۆگەکەدا سوپاس و پێزانینی خۆی بۆ ئەو پێشوازییە گەرمە دەربڕی و گوتی: یانەی ئەلمەدا یانەیەکی چالاکە، هەمیشە هەوڵەکانی تەرخان دەکات بۆ پاڵپشتیکردنی ئەو چالاکییە ڕۆشنبیرییانەی کە تیایدا گرنگی بە ڕۆشنبیری و هونەر دەدەن. هەروەها سوپاس و پێزانینم بۆ پەیمانگای گۆتە و حەڤدەمین پێشانگای نێودەوڵەتی کتێب لە هەولێر هەیە.

پاشان هەیفا ئەلموللا گەڕایەوە بۆ دیالۆگەکە و ڕۆشنایی خستەسەر کەسایەتی تۆماس مان، ئاماژەی بەوەدا کە ئەو تەنیا نووسەر نییە، بەڵکو شاعیر و ڕەخنەگر و بیرمەندە، بە یەکێک لە دیارترین نووسەر و ڕەخنەگرانی ئەڵمانیا دادەنرێت لە سەدەی بیستەم. هێمای بۆ ئەوەشکرد: تۆماس لە خێزانێکی بۆرژوازی لەدایکبووە، دایکی ئیسپانی بووە و باوکی ئەڵمانی بووە، لەگەڵ ئەوەشدا ژیانێکی پڕ لە زەحمەتی ژیاوە، لەوانەیش مردنی باوکی لە تەمەنێکی بچووکدا، کێشەو گرفتی خوێندن لە تەمەنی منداڵیدا، دواتریش کارەساتێکی گەورەی ژیانی، کە بریتی بوو لە خۆکوشتنی کوڕە گەورەکەی.

هەیفا ئەلمولا ئـامـاژەی بـەوەشـکـردووە، تۆماس هەڵوێستی سیاسی دیار و بەرچاوی هـەبـووە، لـە جەنگی یەکـەمـی جیهانیدا و پشتگیری ئەڵمانیای کردووە، بەڵام لە جەنگی دووەمـی جیهانیدا بە توندی دژی ئەڵمانیا وەستاوەتەوە، دوای ئەوەی تێگەیشتووە کە نازیەت وەک تاعونێکە و تووشی نەتەوەی ئەڵمانیا بـووە، وەک خۆی دەڵێت: وێڕای خۆشەویستییەکی زۆری بۆ وڵاتـەکـەی، بەهۆی ئەو هەڵوێستانەیەوە ڕەگەزنامەی ئەڵمانی لێ وەرگیراوەتەوە و ناچارکراوە ئەو وڵاتـە جێ بهێڵێت. ئەوەیش کاریگەرییەکی یەکجار زۆری لەسەر تۆماس دروستکردووە و لەمبارەیەوە ڕستەیەکی بەناوبانگی هەیە کە دەڵێت: ئەم دژایەتییە بە ئازارەی بە ڕستە بەناوبانگەکەی دەربڕی: «لە هەرکوێ بم و هەرچی بم، ئەڵمانیم».

د. ئـەوس ئەلجبوری دوای پێداچوونەوە بە ژیاننامەی تۆماس دەستی بە گفتوگۆکە کردەوە و گوتی: «مێژوو پێمان دەڵێت چی ڕوویداوە، بەڵام چیرۆکێکی باش پێمان دەڵێت کە خەڵک چۆن هەستیان بە ڕووداوەکـە کـردووە و ڕێک ئـەوەش ئەوەیە کە ئەمڕۆ ئاهەنگی لەدایکبوونی تۆماس دەگێڕین و ئەوەیشە کە ئەو پێی بەخشیووین.

لە بەشێکی دیکەی دیالۆگەکەیدا د. ئەوس ئەلجبوری گوتی: تۆماس توانی بە قووڵیی هەستی مرۆڤەکان دەرببڕێت. لە ژینگەیەکدا گـەورە بـووە کە شایەتحاڵی گۆڕانکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەروونـی بووە و تـوانـی ئـەو هـەسـت و بیـرکـردنـەوانـەی وەربگێڕێت بۆ دەقی ئەدەبی کاریگەر، تۆماس لە زۆربەی ڕۆمانەکانیدا ڕەهەندە فەلسەفییە قووڵەکان دەخاتەڕوو، کە ئەم ڕەهەندانە لەو ژینگەیەی ئەو تێیدا ژیاوە و لە گۆڕانکارییە گەورەکانەوە سەریان هەڵداوە.

د. ئەوس ئەلجبوری ئاماژەی بەوەشدا، کە بنەماڵە بۆرژوازییەکەی حەزێکی تایبەتیان بە ئەدەب و مەعریفە هەبووە و برا گەورەکەی تۆماس پێش ئەو لە جیهانی ئەدەبدا هاتۆتە پێشـەوە، نزیکـەی ١٠ سـاڵ پێش ئـەوەی تۆماس دەست بە نووسینی کتێبەکانی بکات، ئەو ڕۆمانی بـڵاوکـردووەتـەوە. لە درێژەی قسەکانیدا د. ئەوس ئەلجبوری گوتی: «تۆماس لە ژێر کاریگەری زۆرێک لە نووسەران و بیرمەندان بـووە و ئەمەش لە شێوازەکەی و قووڵایی فەلسەفی نووسینەکانیدا دیارە، بۆیە بەرهەمەکانی ئاوێتەیەکن لە نائومێدی و گەشبینی و ململانێیەکی بـەردەوام، لێرەدا گەورەیی تۆماس و ئەدەبی بـاڵای تۆماس دەردەکـەوێـت، کـە ئێمە دوای ١٥٠ ساڵ لەدایکبوونی هێشتا بـاس لە بەرهەمەکانی دەکەین.

د. ئەوس ئەلجبوری لە دیالۆگەکەدا گوتیشی: جەوهەری ئەدەب لە ڕەنگدانەوەی کەسایەتی نـووسـەر لـە نـاو ڕۆمانەکانیدایە، تەنانەت ئەگەر ئەمە لە ڕێگەی ناو یان ڕووداوی جـیـاوازەوە دەربـکـەوێـت، کـە زۆربـەی بەرهەمە ئەدەبییەکانی تۆماس بەشێوەیەکی جۆراوجۆر کەسایەتی ئەو دەردەخەن، چونکە لە بەشێکی ڕۆمانەکانیدا باسی ئەو شارەی کـردووە کە تێیدا لەدایک بووە، بەڵام ناوی جیاوازی بۆ بەکارهێناوە. تۆماس لە ڕۆمانی (موت في البندقيه)دا باسی لە خۆی کردووە و بەناوبانگترین ڕۆمانیشی بە ناوی (الجبل السحری)یە، کە گێڕانەوەیەکە لەبارەی ئەو پرسیارە فەلسەفی و بوونگەراییانەی لە مێشکی تۆماسدا بوون.

لە کۆتایی دیالۆگەکەیشدا د. ئەوس ئەلجبوری گـوتـی: تـۆمـاس گـەیـشـتـووەتـە بـاوەڕێـکـی تـەواو، کە نووسەر ناتوانێت لە پەراوێزی ڕووداوەکـانـدا بمێنێتەوە، بەڵکو دەبێت دەسـتـوەردان لە کاروباری سیاسیدا بکات، بەتایبەتی دوای جەنگی دووەمـی جیهان، ئەو پێیوابووە نووسەری ڕاستەقینە دەبێ لە ڕووداوەکانی سەردەمی خۆیدا بەشدار بێت و ڕەنگدانەوەی هەست و نیگەرانی و گرفتەکانی کۆمەڵگەکەی بنووسێتەوە و دەریببڕێت، بۆیەش لە وتەیەکی بەناوبانگدا تۆماس مان دەڵێت: (ئەدەب چ بەهایەکی هەیە، ئەگەر تەنیا لە جوانیناسی و ڕووخـسـاردا سـنـووردار بکرێت).



## ڕۆڵی سەرکردە لە دامودەزگاکانی حکومەت...

# گفتوگۆیەك لە پێشانگەی هەولێر بۆ کتێب




> پانێڵە گفتوگۆیەکان لە پێشانگەی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ کتێب بەردەوامە، ئەم جارە پانێڵێکی گفتوگۆ بەناونیشانی «ڕۆڵی سەرکردە لە نێو دامودەزگاکانی حکومەت، گفتوگۆیەك لەگەڵ بەڕێوەبەرانی بازرگانی و لاوان سەبارەت بە ئاستەنگەکان و دەسکەوت»، لەم پانێڵە کە بەڕێز مستەفا ئەلشیخ بەڕێوەی برد، بەڕێزان د. مستەفا ئەلعانی و د. فائز تاها سالم قسەیان لەسەر بابەتەکە کرد.

سەرەتا د. فائز باسی لە سەرکردەی هونەری و ڕۆڵی کرد و گووتی: سەرکردایەتی لە چەمکە گشتییەکەیدا و کۆنترۆڵ کردن و ئـەدای بـاش و جگە لە تـوانـای زۆری تر کە پایەکانیان بەدەست بهێنێ، هەروەها کەسایەتی سـەرکردە، هـەروەهـا دەبێ لە کەسایەتی سـەرکـردە هـەنـدێ تایبەتمەندی تـری هـەبـێ بـۆ بـەڕێـوەبـردنـی کـار و قەیرانەکان، هەروەها متمانە بەخۆبوون کە سیفەتی گرنگن.

بەڵام سەرکردایەتی جیاوازە لە بوارێکەوە بۆ بوارێکی تر، چ لـە بـواری سـەربـازیێ بێ یاخوود سیاسی یاخوود کلتووری و هـونـەری بـێ، وەکـو دەزانـیـن لە هونەردا دەرهـێـنـەر گـەورەی کـارەکـەیـە، لـێـرەدا مەبەستمان دیکتاتۆری نییە،، بەڵام کاتێ لە کارێکی هونەری کار دەکەین، هەموومان وەکو گفتوگۆ دەکەین وکو ئەکتەرەکان، نووسەر، دەرهێنەر بۆ ئەوەی بە دیدێکی هاوبەش بۆ کار دەرچین، بەڵام لە کۆتاییدا هـەمـووومـان بـڕوا بـە دەرهـێـنـەر دەدەیـن، چونکە سەرکردەمانە لە کار.

هەروەها گووتی: کەسایەتی سەرکردە دەبێ دیکتاتۆر نەبێ، زۆرجـار دەبینین کارێکی هـونـەری شکست دێـنـێ، ئەویش بەهۆی بوونی کەسایەتییەکی سەرکردە تایبەتمەندی دیکتاتۆری تـونـدڕەوی هـەیـە، سـەرکـردە دەبـێ داهـێـنـەربـێ، لـەکـارەکـەی شکست نەهێنێ و دەبێ سەرۆکی دەزگا خۆبەزلزان نەبێ بۆ ئەوەی بەشداری ئەوانی تر بکات لە بیرۆکەکانی و تیمێکی سەرکەوتوو لەناو دامەزراوەکەیدا درووست بکات بۆ ئەوەی بتوانێ ئامانجەکانی بەدەست بهێنێت، بەنبێ ئەوە کارەکە دەبێتە دیکتاتۆرییەکی کوێرانە و دەرەنـجـامـی شتەکان لاواز و شکست دەبن و بوفیرۆدان ڕوودەدات.

بۆیە کەسایەتی سەرکردە دەبێت لە ڕێگەی خوێندنەوە و ناسینی ئەزموونی ئەوانی ترەوە وشک نەبێت، وشک بوون واتە مردن.

لەلای خۆیەوە، د. مستەفا ئەلعانی باسی لە سەرکردەی بازرگانی کرد و گووتی:

سەرکردایەتی بریتییە لە توانای هەماهەنگی و ئاراستە کردنی هەوڵەکانی تاکەکان بۆ گەیشتن بـەو ئـامـانـجـەی کـە سـەرکـردە یـان ڕێـکـخـراو دیـاری کـردووە، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی سـەرکـردە توانای پەیوەندی کردنی کاریگەرە و بڕیاردان، جیاوازییەکی گـەورە لە نێوان سەرکردە و بـەڕێـوەبـردن هەیە، بـەڕێـوەبـردن واتە جێبەجێ کـردنـی دیدگا و ئاڕاستەکانی سەرکردە، لەکاتێکدا سەرکردە فەزا و بواری فراوانترە بۆ «داهێنان و جێبەجێکردنی پەیامەکە»

### هەروەها گووتی:

بازرگانی لە دامودەزگا حکومییەکان و کەرتی تایبەت دەبێت دیدگایەکیان هەبێت، ئەگەر باس لە کۆمپانیای گشتی پێشانگەکان بکەین ئەوە کۆمپانیایەکە مامەڵە لەگەڵ چالاکییە بازرگانییەکاندا دەکـات، چ لە ڕێکخستنی پیشانگە یان خزمەتگوزاری بازرگانی کە لە هاوردە و هەناردە خۆی دەگرێتەوە.دیدگە لێرەدا ئەوەیە کە چۆن بـەدی بهێنرێت، لـە ڕێـگـەی ئـەم چالاکییە پیشانگەیانەدا، ڕۆشنایی و دابین کردنی دەرفەت لەم کەم مەکۆ ئابوورییانە و پێشەنگە تایبەتمەندەکان، ئەم پرۆسەی ڕێکخستنە چۆن دەبێت ئەگەر هەبێت، ئایا هیچ سەرکردەیەکی کاریگەر نییە کە دیدگەیەکی هەبێت؟

ڕوونیشی کـردەوە، « لەوکاتەوە ئەرکی کـارکـردنـمـان لـە کۆمپـانـیـای گشتی بۆ پـیـشـانـگـەکـان گـرتـە ئـەسـتـۆ، حـەزمـان کـردووە کـەرەسـتـەی کاریگەرمان هەبێ بۆ سەرکەوتنی پیشەسازی پیشانگەکان بۆ ئـەوەی نیشاندەری ئەرێنییان هەبێ، بۆ نموونە لە میانی دانیشتنی پێشانگەی بـەغـدا، شاهیدی پـێـوەرە چۆنایەتییەکان بووین، لەوانەش زیادبوونی ٣٠٪ی ژمارەی ئەو کۆمپانیانەی بەشدارییان لە دانیشتنی پێشوودا کردبوو بە بەراورد لەگەڵ خولی پێشوو»

هـەروەهـا گـووتـی: ئـەوەی دەمـەوێ بیلێم زۆرێـک لـە بۆنەکان بـەم فۆرمـەوە دەرنەدەکەوتن بەبێ هەوڵی تاکەکان و ئەو تیمەی کە شـەو و ڕۆژ لـەم کۆمپانیایەدا کـاردەکـەن، جگە لـە ڕۆحـی خۆبەخشی و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی هەموو سەرکردەیەک و هەموو تەکنیک کارێک و هەموو کارمەندێک و کارگێڕێک، لەکۆتاییدا، بەهۆی کاری ئەو کەسانەوە، سەرکەوتنی سەرسوڕهێنەرمان بەدەست هێنا

## زیاتر لە ملیۆنێك و 200 هەزار ناونیشان نمایشکراوە

# 350 خانەی بڵاوکردنەوە لە 22 وڵاتانی عەرەبی و جیهانییەوە تیایدا بەشدارن

## هەولێر.. خوێنەرێکی زۆر ڕووی لە پێشانگەی نێودەوڵەتی کتێب کردووە





حەڤدەمین پێشانگەی نێودەوڵەتی کتێب لە هەولێر کرایەوە و تێیدا زیاتر لە ملیۆنێک و ٢٠٠ هەزار ناونیشانی جیاجیای لێ نمایشکراوە و قەرەباڵغییەکی زۆری خوێنەران لە پێشانگاکەدا دەبینرێت. خاوەنی یەکێک لە کتێبخانەکان کە ساڵانە بەشداری لە پێشانگەکە دەکات، ئاماژە بەوە دەکات کە بەرارود بە ساڵانی ڕابردوو خوێنەرێکی زیاتر سەردانی پێشانگەکەی کردووە و پێشبینیش دەکات لە ڕۆژانی داهاتوودا ژمارەی سەردانیکاران بەرزبێتەوە.

ئەلمەدا: هەولێر

خاوەنی کتێبخانە، محەمەد عەلی گوتی: هەموو ساڵ بەشداری پێشانگەکە دەکەین، بۆ ئەمساڵ ئەو بابەتانەمان نمایشکردووە خەڵک زیاتر خواستی لەسەر کتێبی ئایینی، پەروەردەیی، عیرفانی و فیکریی هەیە، هەروەها هەست دەکرێت ئەمساڵ جۆش و خرۆشێکی زیاتری خوێنەران هەیە.

محەمەد عەلی گوتیشی: «ئەوەی تێبینیمان کردووە زیاتر چینی گەنج سەردانی پێشانگەکە دەکەن و پێشبینی دەکەین ژمارەی سەردانیکاران بەرزبێتەوە و نرخەکانیش بەراورد بە ساڵانی پێشوو هەرزانترە».

نووسەرێک ئاماژە بەوە دەکات کە بۆ ئەوەی مرۆڤ چاکسازی لەناخی خۆیدا و لە وڵات بکات، ئەوا پێویستە ڕوو لە خوێندنەوە بکات



هەر بۆیەش خوێندنەوە تایبەتمەندی و گرنگی خۆی هەیە.

هودا گولیزار حەوێزی لەمبارەیەوە گوتی: دەبێت ئێمە هەست بە گرنگی و گەورەیی کتێب بکەین، بێگومان هەر شتێک سوودی هەبێت خەڵک بە گەرمییەوە بەرەو پیری دەچێت، ئەوەی من ئەمساڵ دەیبینم جیاوازە لە ساڵانی ڕابردوو، دەبینین ژمارەیەکی زۆری خوێنەر لە زمان و دیالێکتەکانی دیکەش بوونیان هەیە کە ئەمە جێگای خۆشحاڵییە، چونکە لە کۆتاییدا، ئەگەر بمانەوێت چاکسازی لە خۆمان و وڵاتیش بکەین ئەوا دەبێت تاکێکی ڕۆشنبیر و ڕوو لە خوێندنەوە دروست بکەین.

هودا گولیزار حەوێزی گوتیشی: «خوێندنەوەی کتێب جیاوازە لەگەڵ خوێندنەوە لە شاشە و سۆشیالمیدیا، ئەوەی ئەمڕۆ سەرنجمداوە خوێنەران زیاتر ڕوو لە کتێبە ئایینییەکان دەکەن. ئێمەش گەیشتووینەتە ئەو بڕوایەی کە کتێبە ئایینییەکان و ئەوانەی بەرەو ڕۆشنبیری و دیدگایەکی بەرزت دەبەن، گرنگییان پێ بدەین».

بەشداربوویەکی دیکەی پێشانگەکە کە چەندین ناونیشانی جیاوازی نمایشکردووە، ئاماژە بەوە دەکات کە لەیەکەم ڕۆژی سەردانیکارانەوە بۆمان دەردەکەوێت کە خەڵک تامەزرۆی خوێندنەوە و فێربوونە.

محەمەد مەحموودی لەمبارەیەوە گوتی: بۆ دووەمینجارە بەشداری ئەم پێشانگەیە دەکەین، بۆ ئەمساڵ ٥٠٠ ناونیشانی جیاوازمان نمایشکردووە، کتێبەکانمان زیاتر ئەدەب و شیعر، دیوانە کلاسیکییەکان، ئایین و مێژووە.

محەمەد مەحموودی گوتیشی: خەڵکێکی زۆر ڕووی لەم پێشانگەیە کردووە و ئەمەش بەو مانایە دێت کە خەڵک تامەزرۆی خوێندنەوەیە و وەک دەبینین سەردانیکاران لە تەمەنی ٢٠ بۆ ٤٠ ساڵە بە گشتی، بەڵام تەمەنی جیاوازیشی تێدایە.

بۆ ئەمساڵ ٣٥٠ خانەی بڵاوکردنەوە لە ٢٢ وڵاتانی عەرەبی و جیهانییەوە تیایدا بەشدارن کە هەموویان لەسەر ڕووبەرێک کتێبەکانیان نمایش دەکەن کە زیاترە لە ٢٠ هەزار مەتر چوارگۆشە، هاوکات زیاتر کە ملیۆنێک و ٢٠٠ هەزار ناونیشانی جیاواز نمایشکراون.

پێشانگەکە لە ٩ تا ١٩ـی نیسان بەردەوام دەبێت و ڕۆژانە لە کاتژمێر ١٠ی بەیانی بۆ ٨ـی ئێوارە بەردەوام دەبێت و بە درێژایی ڕۆژانی پێشانگاکەش چەندین پانێڵ و دیبەیتی ڕۆشنبیری لەبارەی وەرگێڕان و زمانەوە بەڕێوەدەچن و تێیدا ڕۆشنبیران و شارەزایانی زمان بەشداری تێدا دەکەن.